ئەردۆغان: "بەردەوامی هێرشەکانی ئیسرائیل دژەنجامی نەرێنیی هەرەمیی و جیهانیی دەبێت"



ئەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا، پێیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا، جۆ بایدن ئەنجامدا.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکی سەرۆکایەتی فەرمانگەی پێیوەندییەکانی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، لەو پێیوەندییە تەلەفۆنییەدا هێرشەکانی ئیسرائیل بە سەر خاکی فەڵەستین بەتایبەتی غەززە، پێیوەندییە دووقۆڵییەکانی تورکیا-ئەمریکا، پرسی ئەندامەتی سوید لە ناتۆ، پرسە جیهانیی و هەرەمییەکان تاوتوێ کران.

ئەردۆغان، لەو پێیوەندییە تەلەفۆنییەدا بە بایدنی ڕاگەیاند کە پێویستە بە تراژیدیای مرۆیی لە غەززە بگوترێت 'ڕاوەستە'، باسی لەوەیشکرد کشانەوەی پشتیوانی بەمەرجی ئەمریکا بە ئیسرائیل دەکرێت خێرا ئاگربەست دەستبەر بکات.

هەروەها ئەردۆغان ئاماژەی بەوە کرد کە هەم جیهان و هەمیش ڕای گشتیی ئەمریکا لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە دەنگی بەرز ئەم داوایە دەکەن و، ئەوەی خستەووو کە ئەمریکا بەرپرسیارێتییەکی مۆزوویی لەسەر بە دەستبەرکردنی ئاگربەستی درێژخایەن لە ناوچەکە.

ئەردۆغان، بە سەرۆکی ئەمریکا بایدنی ڕاگەیاندووە کە بەردەوامی هێرشەکانی ئیسرائیل دژەنجامی

نەرنیی هەرەمیی و جیهانیی دەبەت و، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گونجاوترین و درژخایەنترین چارەسەر ئەوەیە میکانیزمی گەرەنتیکارە کە تورکیا پەشنیاری کردووە پەیەو بکرەت، لەگەڵ بردنەسەری بەنەنکان و دامەزراندنی دەوەتی سەربەخە و خاوەن سەروەر و یەکپارچەی خاکەکی لەسەر بنەمای سنوورەکانی ١٩٦٧ کە پایتەختەکەی قودس بەت.

هاوکات لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا پرسی F-16 تاوتوە کرا.